


## "ژیان و بەرهەمەکانی حەسەن قزڵجی"

بابەتی کتێبەکە بریتییە لە ژین نامەیەکی کورتی مامۆستای نەمر حەسەنی قزڵجی بە پێنووسی کاک موحسینی خوارزای، سەرجەمی چیرۆک و وتارەکان و پارچەیەک شیعر، ئینجا چەند وتار و رەخنە و لێکۆڵینەوە و چەند وتاری زمانەوانی و ژمارەیەک بابەت و چیرۆکی وەرگێڕاو لە زمانەکانی دیکەوە؛ پاشان وتارێک سەبارەت بە زانستی مارکسی – لێنینی، کە هەموویان مامۆستای کۆچکردوو نووسیونی. پێش بەشی کۆتایی کتێبەکە چەند نووسراوی سەبارەت بە ژیان و ئاسەوارەکانی قزڵجی و لە کۆتاییشدا دەقی هەر ٣ ژمارە ناسراوەکەی گۆڤاری هەڵاڵە، چەند ژمارە رۆژنامەی "مەردوم"ی کوردی و رۆژنامەی "ڕێگا" چاپ کراونەتەوە.

پەیوەندی کتێبەکە بە بۆکانەوە گەلێک زۆرە. نووسەر، هەروەها ئامادەکاری کتێبەکە هەردوکیان بۆکانین، گۆڤاری هەڵاڵە لە بۆکان دەرچوە، هەندێک لە چیرۆکەکان لە ناوچەی بۆکان رووویانداوە و لایەنی زمانەوانی نووسینەکانی قزڵجیش کە بن زاراوەی ناوچەی بۆکان بێت لایەنێکی دیکەی ئەو پەیوەندییانەیە. بۆ نووسینی مێژووی سیاسەت و ئەدەب و زمانەوانی بۆکان، ئەم کتێبە سەرچاوەیەکی سەرەکی دەبێت.

کتێبەکە کاک موحسین قزڵجی ئامادەی کردوە و دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم بڵاوی کردۆتەوە.

حەسەن قزڵجی، "سەرجەمی بەرهەمی حەسەن قزڵجی"، ئامادەکردنی موحسین قزڵجی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم،

سلێمانی ٢٠٠٣، ٥٤٠ لاپەڕەی قەبارە A٤، کوردی